کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:28 5-12-2007

**نامەیەکی کراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ... دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین**

پاش سڵاو...
بەڕێزان وەك خۆتان لەنزیکەوە ئاگادارن لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە پرۆژەیاسایەك خراوەتە بەردەم پارلەنی کوردستان بەناوی (پرۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەنووسی کوردستان) بە مەبەستی بەیاساییکردنی.
ئێمە لە (دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین) کە کۆمەڵێك خەڵکی ئازادیخواز و ڕوناکبیر و نوسەر و ڕۆژنامەنوس لە کوردستان پێکمانهێناوە پێمانوایە ئەو پرۆژە یاسایە بێجگەلەوەی کە خزمەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ناکات لە کوردستان لە هەمانکاتدا ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەرتەسك دەکاتەوە و ڕێگری گەورە دەخاتە بەردەم ڕەوشی ئازادیخوای.
ئێمە بۆ بەرگرتن بە بەیاسایی بونی ئەو پرۆژەیە لەڕابردودا هەڵمەتێکمان دەسپێکرد کە بێجگە لەوەی چەند کۆڕوسیمنارمان گێڕاوە بۆڕۆشنکردنەوەی ناوەڕۆکی یاساکە بۆخەڵکی، لەهەمانکاتدا مەترسیەکانی ئەو پرۆژەیەمان لەبەردەم ڕەوشی ئازادیخوازی لەکوردستان سەرنج پێداوە، وە خۆشبەختانە پشتیوانیەکی گەورەمان بۆ بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەشێوەی ئیمزا و پەیامی پشتیوانی دەستەیی و... بەدەستهێناوە و هەڵمەتەکەشمان بەردەوامی هەیە و دەبێت.
بەڵام هەتا ئێستا پەرلەمانی کوردستان خەریکی تاوتوێکردنی ئەم پرۆژەیەیە و ڕەنگە بەمنزیکانە بەمەبەستی دەنگدان لەسەری بیخاتە بەردەم ئێوە ی ئەندام پەرلەمان، ئێمە وەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکردوە پێمانوایە پرۆژەیەکی دواکوتوە و بانگەوازمان بۆئێوە ئەوەیە کە دیفاع لە ئازادیخوازی بکەن و دەنگ نەدەن بە پرۆژەیاسیەك کە زمانی ڕۆژنامەنووسان دەبەستێت لەبەرانبەر بە ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی خێڵەکی و تایفیەکان و بەبیانوی جۆراوجۆر ڕۆژنامەنووسان دوچاری سزا دەکاتەوە.
ئێمە پێمانباش بوو بێینە ناو هۆڵی پەرلەمان و ڕای خۆمان لەوبارەیەوە بڵێین وەلیرێگەمان پێنەدرا، بەڵام ئێمە لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان پشتیوانی ئێوە ئەو ئەندام پارلەمانانە دە کەین کە دەنگی (نـا) بەو پرۆژە یاسایەدەدەن و هیواداریین لەم کاتەدا بۆ بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی پشتیوانی یەك بین.

وە لە داهاتودا یاسایەك لەڕێگەی بەشداری ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنووسان لەڕێگەی وۆرکشۆپ و ڕێگەکانی دیکەوە گەڵاڵەبکرێت کە ئازادی بێ مەرج و سانسۆر بۆڕۆژنامەنووسان فەراهەم بکات، بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی لەم بابەتە دەستەکەی ئێمە ئامادەیی تێدایە.

2007/11/3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.